Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ڕۆڵی ئایین لە پەیوەندی ئاشتیانە و جەنگی تەڕوادەی نێوان یۆنان کۆن و ئاسیای بچوکدا لە (هەزارەی ٢پ.ز تا ٣٣٣پ.ز)

**محمدامین علی عبدالله[١] - سنور احمد حسن[٢]**

[١+٢] بەشـی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ:

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی ئایین لە پەیوەندی ئاشتیانەی جەنگی تەڕوادەی نێوان یۆنانی کۆن و ئاسیای بچوکدا)، تیشک دەخاتە سەر، پەیوەندی ئاشتی یۆنان و ئاسیای بچوک لە سەردەمی زووەوە تا هاتنی (ئەسکەندەری مەکدۆنی) و پەیوەندی نائاشتیانەیان لە جەنگی تەڕوادەدا، ئەو ڕۆڵ و کاریگەریشی بۆ دروستبونی ئەو پەیوەندی نێوانیان، لە لێکچونی خواوەندەکان و دروستکردنی داگیرگە و بازرگانی و بەشداریکردن لە ئاهەنگ و فێستیڤاڵەکان دەردەکەوێت و، جەنگی تەڕوادەش وەک نمونەیەکی پەیوەندی نائاشتیانەی نێوانیان خراوەتەڕو.

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و پوختەیەک بە هەردو زمانی کوردی و ئینگلیزی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە (سێ) باس پێکهاتوە، باسی یەکەم تایبەتە بە کورتەیەکی مێژویی دەربارەی یۆنانی کۆن و ئاسیای بچوک، لە باسی دوەمدا تیشک دەخەینە سەر ڕۆڵی ئایین لە پەیوەندی ئاشتیانەی یۆنانی کۆن و ئاسیای بچوک، باسی سێیەم تایبەتە بە ڕۆڵی ئایین لە جەنگی تەڕوادەدا. ئەمە سەرەڕای خستنەڕوی ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکەدا پێیگەیشتوین.

**کلیلە وشەکان:** ئایین، پەیوەندی، خواوەنەکان، تەڕوادە، فێستیڤاڵەکان، جەنگ.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

**Received:** 04-June-2022

**Accepted:** 29-June-2022

**Published:** 29-March-2023

**Corresponding Author's E-mail:**

muhammad.amin@uor.edu.krd

snwr.ahmed@uor.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

## پێشەکی:

بیروباوەڕە ئایینییەکان و سروت و داستان و ئەفسانەکان گرنگترین ئەنجامی هزری مرۆڤن لە ژیان و، بنەمای ژیانن، لەبەرئەوە ئایین پێگەیەکی بە هێزی لە ژیانی گەلاندا و، لە بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاکەکان و پەیوەندی ئاشتی و ململانێکاندا هەیە و، پانتاییەکی فراوانی لە هزر و مێژوی مرۆڤایەتی داگیرکردوە، ڕەنگدانەوەشی لە بڕیاری خەڵکی ئاسایی و فەرمانڕەوا و فەیلەسوف و شاعیر و نوسەرە یۆنانییەکاندایشدا بەدیدەکرێت.

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:** هەر لە سۆنگەی ئەو گرنگییەشەوە کە ئایین هەیەتی (ڕۆڵی ئایین لە پەیوەندی ئاشتیانە و جەنگی تەڕوادەی نێوان یۆنانی کۆن و ئاسیای بچوکدا) وەک ناونیشان بۆ ئەم توێژینەوەیە زانستییە، بە پێویست زانرا، کە کۆمەڵگای یۆنانی کۆن داخراو نەبوە، کاریگەری لە سەر شارستانیەکانی تر هەبوە و خۆشی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەوان، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بە هەوڵێک دادەنرێت بۆ زانینی ئەو ڕۆڵەی ئایین گێڕاویەتی لە دروستبونی هزری ئایینی، لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی ئایین لە پەیوەندی نێوان یۆنان و ئاسیای بچوک و پەیوەندی نائاشتیانەی لەگەڵ تەڕوادە)، لێرەدا هەوڵدەدەین لە چەمکی فرەڕوی ئایین لە ململانێ و بنیاتنانی ئاشتی لە جیهانی کۆندا تێبگەین پشکنین و شیکردنەوە بۆ پەیوەندی نێوان ئایین و ململانێ و گونجاوی ئاشتەوایی شارستانیە کۆنەکان دەکەین لەگەڵ یۆنان.

**سنوری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە باسی ڕۆڵی ئایین دەکات لە پەیوەندی ئاشتی یۆنان و ئاسیای بچوک لە سەردەمانی زو تا مردنی ئەسکەندەری مەکدۆنی، هەروەها ڕۆڵی ئایین لە جەنگی تەڕوادەدا، بەچەند نمونەیەک دەخرێتەڕو.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** چەند میتۆدێکی جۆراوجۆری مێژویی لە میانەی توێژینەوەکەدا پەیڕەوکراوە بەتایبەتیش پەنا بۆ میتۆدی وەسفی و، بە ئەندازەی تێگەیشتن لە بابەتەکە و بەپێی پێویست، گواستنەوەی زانیارییەکان و بەراوردکاری و شیکارکردنەوەی براوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی بابەتەکە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی، لە سێ باسی سەرەکی پێکهاتوە، باسی یەکەم باسێکی کورتە دەربارەی یۆنان و ئاسیای بچوک و تەڕوادە و ئایین، باسی دوەم ڕۆڵی ئایین دەردەخات لە پەیوەندی ئاشتیانەی نێوان یۆنان و ئاسیای بچوک، باسی سێیەم ڕۆڵی ئایین دەردەخات لە جەنگی تەڕوادەدا.

## باسی یەکەم: یۆنانی کۆن و ئاسیای بچوک و ئایین

### یەکەم: یۆنانی کۆن

وڵاتی یۆنان دەکەوێتە نێوان دو دەریا، (دەریای ئیجە) لەلای خۆرهەڵاتی لە ئاسیای بچوک جیایدەکاتەوە و، (دەریای ئەدریاتیک و ئەیۆنیا) لەلای خۆرئاوا لە ئیتاڵیا و صقلیەی جیادەکاتەوە، یۆنان بەشی باشوری نیمچە دورگەی بەلقان هەڵکەوتوە، ڕوبەرەکەی (١٣١٠٠٠کم٢)، و(٦٠٪) بریتییە لە ناوچەی شاخاوی (الشیخ، ١٩٨٧: ٧)،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

چەندین زنجیرە چیای تێدایە (زیدان، ٢٠١٢: ١١)، چیاکانی هەمویان سەخت و بەرزن هاتوچۆکردن لە نێوانیاندا ئاسان نییە، ڕوبارەکان لە چیاکان باشترنین و تەنها ڕوباری (ئەخیلوس Achelous) و (پینۆس Penios) بەکەڵکی دەریاوانی دێن، بەڵام دەریاکانی گونجاوبون بۆ کەشتیوانی و هاتوچۆکردن و بازرگانی و کۆچکردن و چەتەیی و، بەتایبەت دەریای ئیجە و بەگشتی دەریای ناوەڕاست بە ئارامییەکەی دەناسرێتەوە (یحیی، ١٩٩١: ٣٣-٤٠)، سروشتی ناوچەکە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دروستبونی ڕوداوە مێژوییەکان هەبوە (مصطفی و آخرون، ١٩٩٨-١٩٩٩: ١)، بەڵام بەشی دەشتایی یۆنان کەمبوە و خاکی یۆنان خاکێکی بەپیت نەبوە بۆ کشتوکاڵکردن، ئەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەتی دەوڵەتە شارەکانی یۆنان هەبوە (یحیی، ١٩٩١: ٣٦-٣٧)، لە بەشی باشوری یۆنان لە نێوان دورگەکانی کەش و هەوا مامناوەندە، لە بەشی باکوری کەش و هەوا ساردە (زیدان، ٢٠١٢: ١١)، هەروەها وەکو هەمو ناوچەکانی دەریای سپی ناوەڕاست هەست بە چوار وەرزی ساڵ دەکرێت (الشیخ، ١٩٨٧: ٧).

یۆنانییەکان وەکو ئەوروپا و خۆرهەڵات بە چاخەکانی پێش مێژودا تێپەڕیون، چاخی بەردینی نوێ لە (٦٢٠٠-٢٨٠٠پ.ز) دەگرێتەوە و، چاخی بەردینی برۆنزی لە (٢٨٠٠- ١٩٠٠پ.ز) لەخۆدەگرێت، ئەم ماوەیە بە تێکەڵاوبونی دانیشتوانی ئەسڵی یۆنان لەگەڵ هیندو ئەوروپیەکان جیادەکرێتەوە (عبو و آخرون، ١٩٩٣: ١٦)، پێش هاتنی یۆنانییەکان دانیشتوانەکەی بە (بلاسجیین) ناسراون کە دەگەڕێنەوە بۆ گەلەکانی دەریای سپی ناوەڕاست (عکاشة و آخرون، ٥٢)، کۆنترین زمانی یۆنانی بۆ (هیند و ئەوروپیەکان) دەگەڕێتەوە و، نازانرێت (بلاسیجییەکان) لە هیندو ئەوروپییەکان بون یان نا (الشیخ، ١٩٨٧: ٢١)، بەڵام ئاخییەکان بە یەکەم شەپۆلی هندو ئەوروپییەکان دادەنرێن، کە لەدەریای ڕەشەوە هاتون (٢٥٠٠-٢٠٠٠پ.ز) خاوەنی شارستانی مینویین (الأثرم، ٢٠٠١: ٨٠)، لە ئاخیەکان و دورییەکان و ئایۆنییەکان و ئایۆلییەکان کە هەریەکەیان لە زەویەکی دیاریکراو لە وڵاتی یۆنان جێگیربون ناوی خۆیان لە هەرێمەکانیان ناوە (عبو و آخرون، ١٩٩٣: ٢٠)، کە دو شارستایەت سەریانهەڵدا یەکیان شارستانی ئیجە (کریتی-مینوی)، دوەمیان (شارستانی میکینیە) ئەم شارستانیەتە نوێتربو لە شارستانی مینوی لە (١٦٠٠پ.ز) سەریهەڵداوە، شارستانی مینوی و میکینی بەهاتنی دورییەکان لە (١١٠٠پ.ز) کۆتایی پێدێت (arab-ency.com.sy)، لە دوای ئەوە چاخی کلاسیکی (١١٠٠-٧٥٠پ.ز) دەستپێدەکات، کە بۆ چوار چاخ دابەش دەبێت، یەکەمیان چاخی هیلینی زوە (١١٠٠-٧٥٠پ.ز) دەگرێتەوە و سەردەمی دەسەڵاتی هۆزو خێڵەکانە ئەو سەردەمە لەڕوی شارستانییەوە یۆنان زۆر پێش نەکەوتوە و لەم چاخەدا ڕەگەزی نوێ لە باکورەوە دێنە وڵاتی یۆنان (نجوی، ٢٠١٨: ١٤٢). لە چاخی دوەمدا ئەم کۆمەڵگا نوێیە پێکهاتەیەکی دروستکرد بەناوی (دەوڵەتە شارPolis) ئەم چاخە بەو ناوەیەوە دەناسرێت و لە (٧٥٠-٤٨٠پ.ز) دەخایەنێت، لە گرنگترین دەوڵەتە شارەکانیش دەوڵەتە شاری ئەسینا[1]و (یحیی، ١٩٩١: ٩١)، دەوڵەتە شاری ئەسپارتەیە، کە لە سەرەتای سەدەی (٦پ.ز) گەیشتە ئەوپەری بەهێزی و پایتەختی دورییەکان بو (عکاشة و آخرون، د.ت.: ٦٠)، لە گرنگترین ڕوداوەکانی ئەم سەردەمە جەنگی ئەخمینییەکان بو، سێیەمیان چاخی کلاسیکییە لە (٤٨٠- ٣٣٨پ.ز) دەخایەنێت، لەم سەردەمەدا یۆنان دەگاتە ئەوپەری گەشەسەندن و بەتایبەت دوای دەرکەوتنی یارییە ئۆلۆمپییەکان –لە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

دواتردا دێتە بەر باس- و ناودانەوەی لە جیهانی کۆن، سەرەڕای پێشکەوتنی دیموکراسی ئەسینا لە سەردەمی برکلیز و دروستکردنی ئەکروپول لە ئەسینا، جەنگی بیلوبونیزی (٤٣١-٤٠٤پ.ز) و ڕاگەیاندنی هاوپەیمانی دیلوس لەنێوان ئەسینا و ئەسپارتە، چاخی چوارەم چاخی هیلینی دواکەوتوە (٣٣٨-٣٢٣پ.ز)، کە سەردەمی سەرداری ئەسینا تەواوبو و ماوەیەک ئەسپارتە بوە سەرداری جیهانی یۆنانی و دوای طیبە و شەڕی ناوخۆیی بەردەوام بو (نجوی، ٢٠١٨: ١٤٣)، تا لە (سەدەی (٤پ.ز) (مەکدۆنیا) بو بە هێزی گەورە لە وڵاتی یۆنان و (فلیپی مەکدۆنی /٣٣٨-٣٣٨پ.ز) دەسەڵاتی گرتە دەست و دوای ئەویش کوڕەکەی (ئەسکەندەری مەکدۆنی /٣٣٦-٣٣٢پ.ز) دەستی بەسەر هەمو دەوڵەتەشارەکانی یۆنان و ناوچەکانی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆندا گرت و، کۆتایی بە چاخی کلاسیکی هێنا و سەردەمی هیلنستی دەستی پێکرد (مکاوي، د.ت.: ١-٢).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

## دووەم: ئاسیای بچوک (ئەنادۆڵ)

ئاسیای بچوک وەک بانێکی بەرز وایە لە کەناری دەریای ئیجە لە خۆرئاوا تا چیای ئەرمینیە لە خۆرهەڵات درێژ دەبێتەوە (موراد، ٢٠٠٦: ١٠٥)، جوگرافیای ئاسیای بچوک لە چیاو دەشت و و دارستان و بیابان و دەشتی کەناری پێکدێت، کە بەرزاییەکانی خۆرهەڵاتی بۆ ئاژەڵداری گونجاون لە وەرزی بەهار و هاوین، چیاکانی لە دەریای ڕەش لە باکور دارستانی زۆرە و کەنارەکانی خۆرئاوای بیابانی لێیە (الأحمد و الهاشمي، د.ت: ١٧٠–١٨٠)، مێژوی سیاسی ئەنادۆڵ بە (ئەنیتا) دەست پێدەکات، کە هاوچاخی داگیرگە ئاشورییەکان بوە (سليم، ٢٠٠٠: ٤٨٣–٤٨٦)، حیسییەکان یەکێکن بون لە هۆزە هیندۆ ئەوروپییەکان لە (٢٢٠٠پ.ز)، هاتونە ئەنادۆڵ و، بە دو کۆمەڵە هاتون خۆرئاواییەکان یان حیسییەکان کە گەلی کانتوم پێکدەهێنن، و خۆرهەڵاتییەکان یان ئارییەکان کە گەلی ساتیم پێکدەهێنن، لە (١٧٠٠پ.ز) شاری (حاتوشاش) یان بەدەستەوەبوە و ناویان لە خۆیان ناوە گەلی حاتتی (الصالحي، ٢٠١١: ١٠٥–١١٥).

لە دوای حیسییەکان لە ئەنادۆڵ چەند شانشینێک دروستبون بون لە ناوچە جیاوازەکانی ئەنادۆڵ فەرمانڕەواییان کردوە یەکێک لەو شانشینانە تەڕوادەیە کە دواتر دێتە بەر باسکردن و. لە ئەنجامی هێرشی بەردەوامی ئاشوری و ئارامییەکان بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ شانشینی (ئۆرارتویەکان Urartu /٨٠٠–٧٠٠پ.ز) لە ناوچە چیاییەکانی نزیک دەریاچەی ڤان دروست دەبێت. (السيمريين واالسكثيين /٨٠٠–٧٠٠ پ.ز) لە هیندو ئەوروپییەکان و لە چیاکانی ئەنادۆڵەوە هاتون لە ئاسیای بچوک نیشتەجێبون، هەروەها شانشینی (فریجیا)Phrygia کە پایتەختەکەی (کوردیون Gordion) لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ یەکەم فەرمانڕوایان (میتا Mita) بوە. (لیدیەکان Ludias) لە گەلەکانی ئیجەن، لە کەنارەکانی ئەنادۆڵ خەریکی دەریاوانی بون دوای هاتنی یۆنانییەکان لە سەدەی (١١پ.ز) هاتونە ناو ئەنادۆڵ و سێ بنەماڵە لە لیدیادا فەرمانڕەواییان کردوە. (کاریا Caria) لە بەشی باشوری خۆرئاوای ئەنادۆڵە، کارییەکان لیجییەکانن Lelegians و لە دانیشتوانی دورگەکانن و لە دورگەی دەریای ئیجەدا ژیاون، لە چاخی برۆنزیدا. (لیسیا Lycia) لە باشوری ئاسیا خەڵکی ڕەسەنی ئەنادۆڵن و زمانەکەیان پەیوەندی بە هیندو ئەوروپییەکانەوە هەبوە، تا داگیرکاری ئەخمینییەکان ئاسیای بچوک بەم جۆرە ماوەتەوە (الصالحي، ٢٠١١: ٥٠٢–٥٩٢).

چەمکی ئایین: کۆمەڵێک لە بیروباوەڕ و نهێنی و ئامۆژگارین کۆدەبنەوە لەدەوری بیرێکی پیرۆز، ئایین چەند جۆرێک پێناسەی هەیە، کە لەلایەن فەیلەسوف و زانایان ناسێنراوە، هەریەک لەو پێناسانە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگە و هزر و لێکدانەوەی ئەو فەیلەسوف و زانایانەیە بۆ ئایین دیارە بۆچونی هەریەکێکیش لە ئەوان ڕاستە و پێگەی ئایین و گرنگی لە ژیانی مرۆڤایەتی دەردەخات (نصار، ٢٠٠٥: ١٠)، شارستانیەتە کۆنەکان تایبەتمەندن بە بڵاوبونەوەی ئاینی بتپەرستی کە هەر شارستانیەتێک خواوەندی تایبەت بە خۆی هەبوە، ئایین دەسەڵات و کاریگەری هەبوە لە وڵاتدا و شارستانییەتەکان لەسەر بنەمای ئایینی دانراون، لە ئەنجامی ئەو بە خواوەند


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

دانانەی پاشا و فەرمانڕەواكان پشتیان پێدەبەستن لە بڕیارەكانیاندا، فراوانخوازی و جەنگەكان بۆ خواستی ئەوان دەگەڕایەوە، لە بەرزڕاگرتنی قسەی ئەو و بڵاوبونەوەی پەرستنی لە ناوچەكانی تر، ئەویش بە سیفەتی ئەوەی نوێنەری خواوەندن لەسەر زەوی(بخوش، ٢٠١٨-٢٠١٩: ١٧).

## باسی دوەم: ڕۆڵی ئایین لە پەیوەندی ئاشتیانەی نێوان یۆنان و ئاسیای بچوک

ناوچەكانی ئاسیای بچوک پێش گەیشتنی یۆنانییەكان لەسەرەتای هەزارەی (٢پ.ز)، لەژێر دەسەڵاتی حیسییەكان دابوە و (arab-ency.com.sy)، لەسەدەكانی كۆتایی چاخی برۆنزیشدا ئاخییەكان پەیوەندیان لەگەڵ شانشینەكانی خۆرئاوای ئەنادۆڵدا هەبوە، بەهۆی ئەوەی مایسینیەكان چالاكی بازرگانیان زۆربوە و، ئەوان دەركراوە سیاسییەكانی حیسییەكانیان لەخۆدەگرت و شوێنی مانەوە و دەسەڵاتیان پێدەدان، تا ڕێگە خۆشبكەن بۆ ئەوەی لایەنگر بۆ خۆیان لە ناوچەی ئەنادۆڵ پەیدابكەن و لەو ڕێگەیەوە شارە ئایۆنییەكان بخاتە ژێر دەسەڵاتی شانشینی ئاخییەكان، بەم جۆرە توانای بازرگانی ئاخییەكان بەس بوە بۆئەوەی بەڕوی پاشای حیسیدا بوەستنەوە (الصالحي، ٢٠١١: ١٤٧)، لەوكاتەدا پەرستگا ناوەندی ئیداری و ئابوری بو لەلای حیسییەكان و گەنجینەكانیان لە پەرستگابون، كە پەیكەری خواوەندی تێدابو و لەژێر چاودێری خواوەند بون و (الأحمد و الهاشمي، د.ت.: ٢٩٩).

دەسەڵاتیان لە خۆرهەڵات درێژبۆتەوە تا كەنارەكانی خۆرئاوا و باشوری ئاسیای بچوک و، لە چاخی مینوی ناوەڕاست پەیوەندی بازرگانی پتەویان لەگەڵ كریت هەبوە، شوێنەواری ئەو پەیوەندیەش لە شوێنەوارە ئایینیەكانی شاری میلیتوس دۆزراونەتەوە مانای وایە پەیوەندییەكە ڕیشەیەكی ئایینی هەیە، زانیارییەكانیش لەم سەردەمەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە ئاخییەكان (موكینییەكان) گەیشتونەتە هەمو پێدەشتەكانی ئاسیای بچوک و، بەپێی بەڵگەكانیش ناوی هەندێک لە كەسەكان و شوێنەكان وەک (ئەتروبوس و ئەتیوكلیس) و ناوی پاڵەوانەكانی داستانی هومیروس وەک ئەسكەندەر (باریس) و، ناوی جوگرافی وەک تەڕوادە یان ئەلیون ئەوانە ناوی یۆنانین لە ئاسیای بچوک، بەڵگەن لەسەر پەیوەندی یۆنان لەگەڵ ئەو ناوچانە و، لە سەرچاوە حیسییەكاندا ناوی دەوڵەتی (ئهیاوا)ش هاتوە، كە مەبەستیشیان پێی لە ئاخییەكانە و، پەیوەندی بازرگانی پتەویان لەگەڵ حیسییەكان هەبوە (علي، ١٩٧١: ٧٦٠- ٧٦٨).

ڕۆڵی ئایین لە پەیوەندی نێوان یۆنانییەكان و حیسییەكان لە جێبەجێكردنی چەند سروتێكی ئایینیشدا دەردەكەوێت، حیسییەكان جەستەی پاشاكانیان سوتاندوە، دەتوانین بەراوردی بكەین بە سوتاندنی جەستەی لەلای پاڵەوانانی هومیروس، تا سەردەمانێكی نزیک سوتاندنی جەستەی مردو لەلای حیسییەكان نەزانراوە، لەوانەشە هەریەک لە هومیروس و حیسییەكانیش سروتی سوتاندنی مردویان لە ناوچەكانی باكوری خۆرئاوای ئەنادۆڵ وەرگرتبێت، چونكە لەسەرەتای سەردەمی حیسییەكان، لە بەشی كۆتایی هەزارەی (٣پ.ز)، لە ناوەڕاستی وڵاتی ئەنادۆڵ زۆربڵاوبوە و، دۆزینەوەی یەكێک لە گۆڕەكانی تەڕوادە كە هەمو مردوەكانی سوتێنراون و،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

گۆڕی سوتێنراوی برآتي (Perati)ش لە یۆنان ئاماژەیەکی ترە بۆ بونی پەیوەندییە (Macqueen, 2010: 133)، کاتێک سەرنج لەو سەرچاوانە دەدرێت کە یۆنانییەکان ناوی خواوەندەکان و ئەرک و چیرۆکەکانیان لێوەرگرتون، ڕۆڵی ئایین لە پەیوەندی نێوان شارستانی یۆنان و ئەنادۆڵدا دەردەکەوێت (الهذال، ٢٠١٦: ١٥٦٨)، لەوانە بیروباوەڕی ئۆرفی[ii] کە دوای داگیرکاری یۆنان لە ئەنادۆڵ و میسر هاتۆتە یۆنان بەشێوەیەکی جیاواز، بەتایبەت سروتی (Ecstasy) ئاییني و سروتی پاککردنەوە و ململانێی ڕوح و جەستە (تارن، ٢٠١٥: ٣٧٧).

دوایی ڕوخانی دەوڵەتی حیسی ئاسیای بچوک کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی گەلە ئاسیاوییەکان کە ناسراون بە فرجییەکان (arab-ency.com.sy)، لەگەڵ یۆنانییەکانیشدا کەوتونەتە پەیوەندی ڕۆڵی ئایینیش لەو پەیوەندیە و کاریگەری نێوانیاندا بەڕونی دیارە، دەشێ ئەوەش لە مەزارگەی یازیلیکایا (Yazilikaya) کە سەدەی (٧- ٦پ.ز)، لە باکوری شاری حاتوشا، لە بەشی باشوری خۆرهەڵاتی دەروازەکەی قەڵای (کوە)ی پیرۆز هەیە، کە پێکدێت لە (سێ) پەیکەری خواوەند و سەرپۆشێکی درێژیان پێوەیە، پانتۆڵی کورتیان لەبەردایە، یەکێکیان قیثارەی حەوت ژێ لێدەدات و یەکیان نای و، پەیکەری پیرۆزی خواوەند کوبابا(Kubaba) یان کبيلي (Kybele)ش لە ئەنقەرە و، کوردیون(Gordion) لە دۆڵی سانکاریوس (Sangarius – سقاریا) لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ دۆزراونەتەوە، کە پایەتەختی فریجییەکان (Phrygians) بوە بە ڕونی تێبینی بکرێت، بە تایبەت کە شێوازی جلوبەرگیان لە هی خۆرئاوای وەرگیراو لە هونەری یۆنانی دەچێت و، ئەو ئامێرە مۆسیقیانەن کە لە کریت و یۆنان، وەک (قیثارە و نای و عود و تەپڵ) لە کۆنەوە لە یۆنان ناسراون و وێنەی کەسێکیش کە عود لێدەدات لە سەردیواری کۆشکی مایسینی لە کۆشکی بایلوس کێشراوە، ئەوەش بەڵگەی ڕونی ئەو پەیوەندی و کاریگەریەکانین (الصالحي، ٢٠١١: ٥٣٩).

ماوەی نێوان(٧٥٠-٥٥٠پ.ز) سەردەمی داگیرگە زۆرەکانە و (arab-ency.com.sy)، جێی ئاماژەیە کە وەک یەکێک لە هۆکارەکانی پەیوەندی نێوان شارستانییەکان و کۆچکردنی بەشێک لە دانیشتوان بۆ دەرەوەی نشتیمانی خۆیان ئایین ڕۆڵی گێڕاوە و، ئەوەش بەتایبەت لە یۆنانی سەردەمی داگیرگەکاندا بە ڕونی بەرجەستە دەبێت (ج.لیتمان، ٢٠٠٠: ٤٧-٤٨)، کاتێک کە ژیانیان سەلامەت نەبو، بەهۆی شەڕە ناوخۆییەکانەوە، داگیرگەکانیان دروستکرد بۆ ئاسانی بازرگانی کردن و، دەستکەوتنی خواردن بۆ ئەوانەی خواردنیان نەبو لە ماڵەکانیاندا، لەسەدەی هەشت بەدواوە، ئەسینا وەک شاری دایک وابو بۆ ئایۆنییەکان (Thucydides, 2009: b.1, 1-6).
لەسەر ئەو بنەمایەش داگیرگەکان وەک دامەزراوەی سیاسی و ئاییني لەسەر شێوەی شاری دایک، بەشێک لە دانیشتوانەکانی شارە یۆنانییەکان دەچونە ئەوێ، کە لە دەرەوەی خاکی یۆنان دروستکراون و، بۆ بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی و هەڵدەبژێردران پێویست بو ڕەزامەندی وەربگرن و، ئەوەش بە زۆری بە گوێرەی پێشبینی کاهینەکانی پەرستگای (دلفی Delphi) ئەنجامدەدرا و لە زۆربەشیاندا (ئەپۆلۆ Apollo) وەک خواوەندی پارێزەر دیاریدەکرا و، یەکێک لە مەرجەکانی بونی هەرکەسێکیش بە هاووڵاتی ئەو داگیرگەیە ئەوە بو قوربانی پێشکەش بکات یان بەشداری لە پێشکەشکردنیدا بکات، ئەویش لەو شوێنەی یاسای پیرۆز ڕێپێداوە (ج.لیتمان، ٢٠٠٠:


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

٤٧–٤٨)، کاتێک یۆنانییەکان بەر لەدروستکردنیان فاڵییان دەگرتەوە بۆ ئەوەی بزانن داخۆ ئەم داگیرگەیە دروستبکەن یان نا پەنایان بۆ پەرستگا دەبرد، ئەمەش وەک پرسکردن بە خواوەند سەیردەکرا، بۆ دروستکردنی داگیرگەکان و دەستنیشانکردنی ئەوشوێنانەی لێی دروستدەکرێت لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ گونجاندنی بیروڕاکانی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە و ئەوانەشی کۆچدەکەن بۆی. کاتێکیش یۆنانییەکان داگیرگەیەکیان دروستدەکرد نوێنەری دەوڵەت بەناوی (ئاوکیست) لەگەڵ ژمارەیەک لە کاهن و فاڵچی لەگەڵ دەهاتن و ناوی هاوشێوەی ناوی شاری دایکیان لە شار و شاخ و ڕووبارەکان دەنا، خواوەندێکی نزیک لە خواوەندە یۆنانییەکانیان دەکرد بە خواوەندی سەرەکی، بەزۆری خواوەندە ڕەسەنەکە (ئەپۆلۆ یان هیرمس یان هیراقلیس) بو، ئاگری پیرۆزیان بۆ دەبرد، هەروەها بەپێی دانیشتوانی ئەو شوێنە مامەڵەیان دەکرد کە دەچون، بەشدارییان لە ئاهەنگ و نەریتە ئایینیەکان دەکرد(عیاد، ١٩٨٠: ١٢٦–١٢٨).

دروستکردنی ئەم داگیرگانە لە ناوچەکانی ئاسیای بچوک دەرفەتی تێکەڵاوبونی ئایینی و ڕۆشنبیری ناوچە جیاوازەکان خۆرهەڵات و بەتایبەتیش ئەنادۆڵ زیاتر کرد لەگەڵ یۆنان لەم داگیرگانە شارستانیەتێکی تێکەڵاوی خۆرهەڵات و یۆنان دروستبو کە تایبەتمەندی خۆی هەبو. پێشتریش حیسییەکان بە هەمانشێوە یۆنانییەکان لە بەشی باشوری خۆرئاوای ئەنادۆڵ چەند شاریان دروستکردوە، کە ناوەکانیان نزیکبوە لە شاری دایک لەگەڵ جیاوازییەکی کەم لە دەربڕینی ناوەکە، لەوانە (ئەرنینا Arinna) کە بەناوی شاری پیرۆزی حیسییەکان (ارنیناس Arinnas)و ناونراوە کە پاشا حیسییەکان بەردەوام سەردانیان دەکردن و ئاهەنگی ئاینیان تێدا دەگێڕا، لە دروستکردنی داگیرگەکان و ناوی شار و ناوی داگیرگەکان و دروستکردنی پەرستگا و نیشتەجێبونی کاهینەکان تێیدا و، لێرەدا ئایین دەبوە هۆی ئاشنابون بە خواوەند و سروتەکان و بیروباوەڕی یەکتر و کارلەیەککردنیان، داگیرگەکان کە لە لایەن دەوڵەتانی خۆرهەڵات یان یۆنانییەکان دروستدەکران، وەک (لیسیا) ناوەندێکی گرنگی پەیوەندی ئایینی و شارستانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا بو (الصالحي، ٢٠١١: ١١٩–١٢٠).

دەریای ناوەڕاست باشترین شوێنی ژیانە بەهۆی ئاو و هەواکەی و زەوی و ئاسمان و کەناراوە باشەکانی ببو بە بەشێک لە دەریای یۆنانی، سەرەڕای ئەوە دەریای ئیجە کە بەشێکی دانەبڕاوی خاکی یۆنان پێکهێناوە وەک ئەڵقەی پەیوەندی نێوان یۆنان و ئاسیای بچوک بوە. بەم جۆرە بەپێی خۆیان شارستانیەتی کریتیان گواستۆتەوە بۆ نیمچە دورگەی یۆنان و زۆر لە بەشەکانی دەریای سپی ناوەڕاست و، ڕێگای دەرکەوتنی شارستانیەتی یۆنانیان ئاسانکردوە (عیاد، ١٩٨٠: ٧٧)، ئەوەش وایکردوە ئایینە کۆنەکان لە ناوچەکانی دەریایی ناوەڕاست، لە هاوبەشی دانان و فرەخواوەندی و پێدانی سیفەتی مرۆیی لەیەکبچن و جیابکرێنەوە بەوەی خوداکانیان نەمرن و، هەندێک کات بەشێوەیەکی کاتی دەمرن وەک خوای بەپیتی، ئەوەش کە دەرفەتی پەیوەندی لە نێوانیاندا ڕەخساندوە نزیکی ئەم ناوچانە بوە لە یەکترییەوە (علي و رضا، ٢٠١٩: ٥٨٩).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

سەرەڕای ئەوەی ئایین ڕۆڵی لە پەیوەندی نێوان خۆرهەلاَت و ناوچەکانی یۆنان و تێکەلاَوبونی زۆری خەڵکی ئەم ناوچانەدا هەبوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە یەکگرتنی خواوەندەکانیان، ئەوەشی وایکردوە ڕۆڵی ئایین لەم پەیوەندیانەدا زیاتربێت، جیاوازی نەکردنی ئایینی خۆرهەلاَتی لە نێوان ڕەگەز و چینەکاندا، بەشێوەک کە لەلای هەمو شوێنکەوتوەکانی لە پیاو و ژن و بیانییەکان و خانەدانەکان پەسەندبو، جیاوازی نەبو لە نێوان دەوڵەمەند و هەژار لە پەرستنی خواوەندەکاندا، بە پێچەوانەی خواوەندانی یۆنانی کە هەندێکیان تایبەت بون بە ئەرستۆکرات و دەوڵەمەندەکان، گەلی یۆنانی پێویستی بە ئایینێک بو جێگای ئافرەت و کۆیلەی تێدا ببێتەوە و، ئایینێک بێت دور لە بنەمای هۆزایەتی و هەرێمی و، ئایینی هەمو کۆمەڵگا بێت، تاکی یۆنانی بەهۆی لاوازبونی باوەڕی بە ئایینی ناوخۆیی بۆشایی دەرونی بۆ دروستببو و، ئایینە خۆرهەلاَتییەکان کاریگەری قوڵیان لەسەر دڵ و دەرونی مرۆڤەکان هەبو و، زیاتر لە خواوەند نزیکی دەکردنەوە و دڵنیایی پێدەدان، لە ڕزگاربون و بونی باوەڕ، هۆکاری بەهێزی و کاریگەرییەکانیش دەگەڕایەوە بۆ کارکردنی لە خەیاڵی مرۆڤ، بەڕادەیەک کە هەستەکانی، لە دڵتەنگییەوە بەرەو ئاسودەیی دەیبردن (عجيبة، ٢٠٠٤: ١٦١-١٦٣).

ڕۆڵی ئایین لە پەیوەندی ئاشتیانەی نێوان یۆنان و بەشی خۆرئاوای ئاسیای بچوک (شانشینی لیدیا) کە پایتەختەکەی شاری (ساردیس) بو، لە سیاسەتی پاشاکانی لیدیادا دەردەکەوێت، پاشا (جیجیس Geges /٦٨٥-٦٧٥پ.ز) دامەزرێنەری شانشینی لیدیا سیاسەتێکی حەکیمانەی بەرامبەر حکومەتی یۆنان لە وڵاتی یۆناندا پەیڕەوکردوە، هەستاوە بە ناردنی دیاری بەنرخ بۆ پەرستگای خواوەندە یۆنانییەکان، خواوەندەکانی پێکەوە دەبەستن، بەمە ویستویەتی کار لە یۆنانییەکان بکات و ڕەزامەندی و دڵسۆزیان بەدەستبهێنێت، بۆ ئەوەی یارمەتی دەوڵەتە شارە ئایۆنییەکانی دراوسێیان نەدەن، کە دەیەویست دەستیان بەسەردابگرێت بە سود وەرگرتن لە ململانێ و شەڕی نێوان دەوڵەتە شارەکان (الصالحي، ٢٠١١: ٥٤٩).

پاشا (ئەلیاتس/٦١٠-٥٦١ پ.ز)، هەمان سیاسەتی پاشا (جیجیس) پەیڕەوکرد، کاتێک لەگەڵ شاری ئایۆنی (میلیتوس) بەشەڕهات کاهنی پەرستگای دلفی نێوەندگیری کردن و پەیمانی ئاشتی لە نێوانیاندا بەست، و لیدیا ناوەندێکی گرنگی شارستانی خۆرهەلاَت و یۆنان بو (عیاد،١٩٨٠: ١٣٧-١٣٨)، دوای ئەو دوایین پاشاو بەناوبانگترین و خۆشەویسترین پاشای لیدیا لەلای یۆنانییەکان هات، کە پاشا (کرویسوس/٥٦١ ـ ٥٤٦ پ.ز) و، دەستی بەسەر زۆر لە شارە ئایۆنییەکاندا گرت و کەنارەکانی دەریای ئیجەدا گرت، وردە وردە نزیک بویەوە لە یۆنانییەکان و دورگەکانی دەریای ئیجە و نیمچە دورگەی یۆنان هاوپەیمانی لەگەڵیان دەبەستن، کە پاشا کرویسوس ڕێگای نزیکبونەوەی ڕۆشنبیری ئایینی بەکارهێنا، و خواوەندە یۆنانییەکانیان دەپەرست و دیاری و قوربانییان پێشکەش دەکردن و، سروتەکانی جێبەجێدەکردن لە شانشینی لیدیا، هەروەها ئەو پاشایە هەستا بە نوێکردنەوە و دروستکردنی پەیکەر و پەرستگای یۆنانی لە پێدەشتەکانی لیدیا و گرنگترینیان پەیکەری خواوەند (ئارتمس)ە. هەروەها ئەو پاشایە ڕێزی هەمو خواوەندە یۆنانییەکانی گرت و لە وڵاتی خۆشیان ڕێزی لێنان و دیاری بەنرخی پێشکەشکردن، ڕاوێژی بە فاڵچی پەرستگا یۆنانییەکان کرد بەتایبەت لە پەرستگای دلفی، کاتێک


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

وەفدێک هات لە شاری ئەسپارتەی یۆنانییەوە بۆ ئەوەی هەندێک زێڕ بکڕن بۆ پەیکەری خواوەند (ئەپولو)، لە پەرستگای سەرەکی لە شاری دلفی کرویسوس هەمو ئەوەی پێویستیان بو بە بەلاش پێیدان، ئەو هەڵوێستەش تا ئەو ڕادەیە کاری کردەسەر کاهن و پیاوانی ئایینی یۆنان، تا شانشینی لیدیایان بە شانشینێکی یۆنانی دادەنا، دانیشتوانەکەیان بە بەشێک لە یۆنانییەکان دادەنا، جێی ئاماژە پێکردنیشە کە شارستای لیدیا تێکەڵەیەک بو لە شارستانی بابلی و ئاشوری و فینیقی و حیسی و یۆنانییەکان (حسین، ٢٠١٤: ٣١١-٣١٣).

لە ئەنادۆڵ زمانی گۆرانی سرودی حیثیەکان بەکاردەهات بۆ بڵاوکردنەوەی دەقە ئەدەبیەکان بۆ جەماوەرێکی زۆر بەکاردەهات، بەم شێوەیەش گۆرانی هەم هۆکاری سەرەکی بو بۆ پەیوەندی هونەری و ئایینی هەمیش هونەری گۆرانی سرود لە ڕێی پەیوەندییەکانی ترەوە لە خۆرهەڵاتی دور بۆ یۆنان گواستراوەتەوە (Bachvarova, 2016: 38)، لەوانە بندراوس کە بەناوبانگترین هونەرمەندی شیعری گۆرانی بو لەسەدەی (٥پ.ز)، زۆر کاریگەربوە بە هونەر و ئەدەبی ئایۆنی، تایبەت بون بە ئاهەنگەکان و خولی پاڵەوانێتیە وەرزشییە دیاریکراوەکان لێرەدا بندراوس وێنەیەکی ڕونمان لە بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتی و وەرزشی و شێوازی بەڕێوەچونی ئەو بۆنانە و ئەنجامەکانی و پەیوەندی بەو کۆمەڵگایەی تێییدا ژیاوە نیشان دەدات (الشیخ، ٢٠٠٦: ٣٩).

لەو کەرنەڤاڵانەش یارییەکانی البیثیە Pythian لە دلفی لە سەدەی (٦پ.ز) ڕێکدەخرا کە لەگەڵ چیرۆکە حیثی و یۆنانییەکاندا دەگونجێت، یۆنانییەکان بەشداریان دەکرد ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵەکانی ناوچەکانی تری دەریای سپی ناوەڕاست و زۆربەی ئەو ئاهەنگانەش بۆ مەبەستی ئایینی و پێداهەڵدانی خواوەند و پاڵەوانەکان بون، وەک: بەکارهێنانی شێوەی (Chaoskampf) لە کەرنەڤاڵەکان باناثینا زۆر بڵاوبوە لە یۆنان، ئەفسانەکان وەک بنەمایەک بون بۆ کەرنەڤاڵەکان (Bachvarova, 2016: 262)، هەروەها کەرنەڤاڵی (الدینیسیا)ی گەورە کە لە بەهاردا بۆ خواوەند بوسیدون سازدەکرا (الشیخ، ٢٠٠٦: ٢١٤)، ڤیستیڤاڵەکان کە بۆ خواوەندێکی دیاریراو یان دیاردەیەک سازدەکران، مەبەست لێی پەیوەندی ڕۆشنبیری و ئایینی بو و ژمارەیەک لە هونەرمەندانی شوێنەکانیتر بەشداریان تێدا دەکرد، لەگەڵ ئەوەی کەرنەڤاڵەکان بەشێوەیەکی گشتی لەیەکتر دەچون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەمەبەستی دانانی پەیوەندی باش بو لەگەڵ ناوچەکانی تر لەوانە مایسینییەکان کاتێک هاتنە ناوچەکانی ئەنادۆڵ شارستانیەتی خۆیان و شارستانیەتی دانیشتوانی ئەسڵی ناوچەکەیان تێکەڵ کردوە و شارستانییەکی دەوڵەمەندیان بەرهەم هێنا، لەوکاتەدا یۆنانییەکان کراوە بون بۆ وەرگرتنی ئەو شارستانیەتانە و بەشداریان لە ڤیستیڤاڵەکانی ناوچەکانی تردا کردوە (Bachvarova, 2016: 263-265)، لەوانە لە ئاهەنگی سەری ساڵ و ڤیستیڤاڵی دیلیان کە لە کۆتایی مایس بەبۆنەی لە دایکبونی ئەپۆلۆ ڕێکدەخرا و، بونە هۆی پەیوەندی و کاریگەری ئایینی لەنێوان یۆنان و ئەنادۆڵ، کە ئەسینابییەکان بەشداریان لە ڤیستیڤاڵەکانی شارە ئایۆنییەکان کردوە وەک ڤیستیڤاڵی (Apoline Thergelia) کردوە و سروتی بزن (ماعز scape) کە لە ئەنادۆڵ ناوی (Targelia)یە هاتۆتە یۆنان (Bachvarova, 2016: 220-236)، هەروەها سروتەکانی (ئەپۆلۆ) و،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

دیمیتری هۆمیروس پشت بە هەمان چیرۆکی ونبونی خواوەندی ئەنادۆڵی دەبەستێت و، لە فیستیڤاڵی (Eleusinian Mysteries و Thesmophoria) بەکارهاتوە و لە ڕاستییدا لە فیستیڤاڵی دیونسیوسDionysus بەکارهاتون (Bachvarova, 2016: 263-265)، فیستیڤاڵە ئاینییە گەورەکان کە لە پەرستگای زیوس لە شاری ئۆلمبیا و پەرستگای ئەپۆلۆ لە دلفی و پەرستگای ئەپۆلۆ لە دیلوس سازدەکران لەسەدەی (٦پ.ز)، ڕۆڵێکی گرنگیان لە کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگای یۆنانی بینی بیروباوەڕی ئایینی یۆنانییەکان هەبو، چونکە کاتێک نوێنەری شارە جیاوازەکان دەهاتن لە دەوری پەرستگای بەناوبانگدا لە نێوان شاعیر و هونەرمەندان پێشبڕکێ دەکرا و (بکر، ٢٠٠٢: ٧٣-٧٤)، ئەوەش دەیسەلمێنێت کە کەرنەڤاڵەکان کە کەشێکی ئاشتیانەی تێدا دیاربو، ژینگەی بەیەکگەیشتنی ڕۆشنبیرییەکان بو.

ڕۆڵی ئایین لە پەیوەندی و کاریگەری یۆنانییەکان و فرنجەکان دەردەکەوێت، ئەوەش لە شانۆگەری پێشوازیکرن لە ئاتیسAttis و خۆشەویستەکەی، کە دایکی خواوەندی فرنجی ناسراو بە سیبیب یان سیبیل بو، دوای جەنگی فارس بە ماوەیەکی کەم پەرستنی ئەم خواوەندی دایکە هاتۆتە ئەسینا و، هەروەها لەو کاتەدا ناوەندی پەرستنی خواوەند ئەپۆلۆ داوای لە هاونشتیمانیان دەکرد هێمن ببنەوە و توڕەییان کەم بێتەوە، کە (مترون) یان بۆ دروستکردوە لە نزیک گۆڕەپانی گشتی پایتەخت، لە دواتردا چەندین پەیکەر و شوێنی تایبەت بە خواوەندە ئەپۆلۆ لەلایەن هونەرمەندانی یۆنانییەوە دروستکراون، هەروەها (یوریبیدوس Euripides) سروتی ئاهەنگی کەرنەڤاڵی باخوس(دیونزیوس)[iii] و سروتە عەرەبییەکانی کە بۆ خواوەندی دایکی گەورە سیبیل ڕێکخرابون پێکیەوە بەستنەوە. (ئادۆنیس و سیبیل و سبازیوس Sabazius) و هاوسەرەکەی (کوریبانتس Couybants) هاتونەتە یۆنان و ئەفلاتون لە شانۆگەری ((ساعات)) لەگەڵ خواوەندە بیانییەکان دایناون (أولمستد، ٢٠١٢: ٢٦٨).

لە یۆنان لەسەدەی (٦پ.ز) بیروباوەڕی ئایینی لەقبو و ئەفسانە و خورافە دراوە پاڵ خواکان پشتی تێکرا، ئەمەش بۆشاییەکی ڕوحی دروستکرد کە دەبوایە چارەسەربکرێت، هەرکاتێکیش ئەو جۆرە بۆشاییە کۆمەڵگا سەریهەڵدا بیروبڕای ئایینی خۆماڵی نەیتوانی پڕیبکاتەوە، هاوڵاتییانی هیوادارکردوە کە لە ئایین و بیروباوەڕی خەڵکانیتر ئەم وەڵامە بدۆزنەوە، ئەم دۆخەش لە وڵاتی گریک و سەردەمی ئەسکەندەردا گەیشتۆتە چڵەپۆپە، ئەوەش زەمینەیەکی لەباربو بۆ بڵاوبونەوە و تێکەڵاوبونیان شارستانیەت و (عبدوللا، ٢٠١٠: ٣٤٤)، بۆشایی گیانی کە بیروباوەڕە ناوچەییەکان لە ئاستی پڕکردنەوەیدانین وادەکات ئایین ڕۆڵ ببینێت لە دروستبونی پەیوەندییەکان (توینبي، ١٩٨٨: ٣٦٢)، کە وایلێهات پڕۆگرامی ڕەواقی[iv] و ئەبیکورن[v] لەلای چینی ڕۆشنبیری یۆنانی پایەی ئایینیان وەرگرت، لاوازی بڕوایان بە خواوەندەکانی خۆیان وایکرد مەیلیان بەلای ڕێزگرتنی خواوەندەکانی خۆرهەڵاتدا بڕوات، دیارە کە ئەسکەندەر چۆن لەگەڵ گەلانی ئازادیخوازبوە لەگەڵ خواوەندەکانیشیان وابوە، کە گشت خواوەندەکانی قبوڵ بون و پەرستونی و قوربانی پێشکەشکردون، تا ئاستێک پەیوەندی خۆی بە ئەوانەوە ڕاگەیاندوە بۆئەوەی دەسەڵاتی بەسەر ئیمپڕاتۆریەتەکەیدا بشکێت (عبدوللا، ٢٠١٠: ٣٤٥-٣٤٦)، بەم کارانەی ئەسکەندەر توانیویەتی خۆی بەسەر هەمواندا بسەپێنێت و ڕازییان بکات بە سەرکردایەتیکردنی، دان نان بەوەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

توانای کردنەوەی هەمو گرێیەکی سەر ڕێگای هەیە و لێرەدا ئەم خورافە و ئەفسانانە هۆی بونی پەیوەندی باش لە نێوان یۆنان و ناوچەکانیتری خۆرهەڵات و سەیرکردنی ئەسکەندەر وەک پاڵەوان و فەرمانڕەوای خۆیان، ئەسکەندەر توانیویەتی ناخی خەڵک بخوێنێتەوە و زانیویەتی چەند گیرۆدەی خورافەن لەبەرئەوە پەنای بۆ زیوان و ئەستێرەناس و فاڵچی و بەختگرەوە بردوە و(عبدوڵلا، ۲۰۱۰: ۱۲۳–۱۲۵)، مەبەستی ئەسکەندەر بەستنەوەی خۆی بوە بە پێشینەکانی گەلی یۆنانی لەگەڵ ئەوەی یۆنانییەکان لە زمانی مەکدۆنییەکان نەدەگەیشتن، ئەم کارانەی ئەسکەندەر تەنها پلانی سیاسی بون بۆ بەدەستهێنانی لایەنگری یۆنانییەکانی ئاسیا دژی فارسەکان، ئەسکەندەر هەستا بە نۆژەنکردنەوەی شاری تەڕوادە و خۆی تەرخانکرد بۆ پەرستگای خواوەند ئەسینا(بولیاس)، هەروەها پەرستگای (ئارتمیس– دایانا) دروستکردەوە سەرلەنوێ ئەم کارە ئایینیانەی ئەسکەندەر وایکردوە پەیوەندی باشی لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانەدا هەبێت بە فەرمانڕەوای خۆیان پەسەندی بکەن (عدنان، ۲۰۱٤: ۷۳–۷٥).

## باسی سێیەم: ڕۆڵی ئایین لە جەنگی تەڕوادەی نێوان یۆنانی کۆن و ئاسیای بچوکدا

مرۆڤ و خواوەند لە تێڕوانینی سەربازی ئەرستۆکراتی یۆنانی پێکەوە کۆمەڵگەیەکیان دروستدەکرد، کە سیستەمەکەی لە جیهانی خواوەندانیشدا لەسەر بنەمای جیاوازی چینایەتی دادەنرا، خواوەند بەرزترین چینی ئەرسۆکراتی بون و پەیوەندیان بە خەڵکی گشتییەوە زۆر لە پەیوەندی نێوان پاشا یان فەرمانڕەوا بە چینەکانیترەوە دەچو، لێکچونی نێوان پاشاو خواوەند یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕی تایبەمەندی و بنچینەیی (علي، ۱۹۷٤: ٥٠۱)، ئەم لێکچونەی نێوان مرۆڤ و خواوەند زۆرە بەپێی ئەوەی کە وتراوە هومیروس باسی کردوە، کە ویستی خواوەند یان پاشا یاسابو، هیچیشیان بەدەر نەبون لە ئارەزو و کارتێکردن، هەروەک نلسۆن ئاماژە بۆ ئەوەی کردوە لە شێوازی کۆمەڵگای خواوەندان لە ئیلیادەدا هاوشێوەی خاوەنداریەتی چاخی دەرەبەگایەتی میکینییە، کە هۆمیرۆس بۆی پاراستوین و جیهانی خواوەندان وێنەیەکی ئەسڵی لە کۆمەڵگای چاخی ئەسپسوارییە، کە خواوەند وەک مرۆڤە لە سیفاتە زگماکییەکانی و بەدەر نییە لە کەم و کورتی و لەلایەکی ترەوە وەک بەرزترین چینی کۆمەڵگا دەردەکەوتن (Nilsson, 1925: 146)، پێشتر ڕۆڵی ئایین لە پەیوەندی نێوان یۆنانییەکان و گەلە جۆراوجۆرەکانی ئاسیای بچوکدا باسکرا، بەڵام سەبارەت بە ململانێکان بەر لە جەنگی تەڕوادە زانیاری کەم هەیە، ئەوەشی هەیە وەک بەشێک لە ئاشوریەکان باس لە ململانێکانیان لەگەڵ یۆنانیەکاندا باسکراوە.

ئاسیای بچوک وەک ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ئاسیای خۆرئاوا و ئەوروپا بوە، کە کاریگەری زۆری لەسەر گەشەکردن و گواستنەوەی شارستانیەت هەبوە لە خۆرهەڵات بۆ خۆرئاوا، لە ڕێگەی دەردەنیل یان ئاسیاوە بەرەو ئەوروپا لەگەڵ خۆی بیر و زانیاری شارستانی خۆرهەڵاتی لابوە و، بوەتە هۆی باگراوندکردنی شارستانی یۆنان و ڕۆمان (الأحمد و الهاشمي، د.ت: ۱۷۹–۱۸۰).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

هومیروس لە ئیلیادەدا باسی چیرۆکی تەڕوادەی کردوە، کە لە بنەڕەتدا پشتی بە ململانێی نێوان یۆنانییەکان لە چاخی برۆنزی و تەڕوادەییەکان بەستوە (Homer, 2006, b.1, 3)، یەکێک لە ناوەندە شارستانیەکانی ئاسیای بچوک تەڕوادەیە، کە دەکەوێتە بەشی باکوری خۆرئاوای ئەنادۆڵ لە ناوچەیەک کە بە (طرواد Troad) ناودەبرێت، لە ئیلیادەدا بە (اليوس Ilios) یان (إليون Ilion) هاتوە. ناوچەی تەڕوادە لە سێ لاوە بە ئاو دەورە دراوە (هلليسبونت Hellespont) یان دەریای هللی (دەردەنیلی ئێستا) لە باکور و دەریای ئیجە لە خۆرئاوا و (ایدا Ida) لە باشوری تەڕوادە، زانایان پێیان وایە تەڕوادەی 7A کە مێژوەکەی بۆ نزیکەی (١٢٠٠پ.ز) دەگەڕێتەوە، ئەو تەڕوادەیەیە کە ئاخییەکان (یۆنانییەکان) ماوەی نۆ ساڵ گەمارۆیانداوە، دواتر وێرانیانکردوە لە ساڵی دەیەم و ئاگریان تێبەرداوە و تەڕوادەییەکانی توشی شکستێکی گەروبون (الصالحي، ٢٠١١: ٥٠٥)، واتە جەنگی تەڕوادە لە ماوەی کۆتایی چاخی هیللادی ڕویداوە، کە بە چاخی میکینی ناسراوە و لەنێوان (١١٩٤-١١٨٤پ.ز) دەگرێتەوە، ئەو سەردەمە بە سەردەمی پاڵەوانەکان ناسراوە (علي، ١٩٧١: ١٩٣).

هۆکاری جەنگەکە ڕفاندنی (هێلین Helen)ی ئەسپارتی بوە، لەلایەن پاشای تەڕوادە (باريس Paris). ئەفسانە یۆنانییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن (باريس Paris) جوانترین منداڵی (بريام Priam) پاشای تەڕوادە بو، سەردانی (مینیلاوس) پاشای ئەسپارتەی کردوە، دواتر ژنەکەی (هێلین) ڕفاندوە، کە بەناوبانگە بە جوانی، یۆنانییەکان بە ئەم دەستدرێژیکردنە سەر شەرەفی ئەوان توڕەبون و، کەشتی گەلی گەورەیان دروستکرد کە پێکدەهات لە (١٢٠٠) کەشتی و سوپای گەورە کە ١٠٠٠٠٠ جەنگاوەری لە خۆگرتبو، یۆنانییەکان لە ژێر سەرپەرشتی (ئاگاممنون Agamemnon) پاشای میکینی یەکیان گرتبو لەگەڵ براکەی (مینیلاوس) گەمارۆیان خستۆتە سەر تەڕوادە، پێدەچێت ئەمە هۆکارێکی باوەڕپێکراو نەبێت لەلای زۆربەی لێکۆڵەروان (العياد، ١٩٨٠: ٧٨)، دیارە کە ئەو جەنگە لە پێناو کچێکی ئاساییدا نەبوە بەڵکو لە ئودیسەدا هیلین وەک کچی زیوس ناوی هاتوە، لە ئودیسەدا مینلاوس هاوسەری هیلین لە چاوی خواوەندەکاندا هاوسەری کچی زیوسە، لەگەڵ ئەوەی هومیروس خۆی ئاماژە بۆ ئەوە دەدات و هیلین بە خواوەند ناودەبات (Homer, 1946: b.vii, 210,561)، لەبەرئەوە پێویستە سەیری شانۆگەری (ئوریستیس[vi])ی (یوربیدیس)بکرێت، کە تێیدا ئەپولو لە کۆتایی کارەکەدا دەردەکەوێت، کە کارێکی تراژیدییە و ئاماژە بە ڕزگارکردنی دەکات لە شمشێری ئوریستیس و هیلین دەبێتە کچی خۆر- کچی زیوسە- لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی نەبراوە لە نێوان هیلین ڕفێنراو و خواوەندی بەپیتی هەیە، پێکەوە بەستنیان گونجاوە، پەیوەندی لەنێوان هیلین و خواوەندی دار و هیلینی کە باریس دزیویەتی نییە، لەوانەیە ئەفسانەی هیلین نهێنییەکی دابڕاوبێت و لە دواییدابوە بە ئەفسانەیەکی پەیوەست بە جەنگی تەڕوادە (ماجواير، ٢٠١٧: ٥٥-٥٦)، ئەگەر ئەم جەنگە لە پێناو هیلیندا بوبێت، دیارە بە هۆی ڕەچەڵەکی خواوەندی هێلینەوە بوە، کە جەنگی دورودرێژ لە نێوان یۆنان و ئاسیای بچوک ڕودەدات، ئەمەش ڕۆڵی ئایین لە ململانێکەدا دەردەخات.

خواوەندەکان لە مرۆڤ نزیکدەبونەوە لە زۆر لە سیفەتەکانیاندا، بەڵام ئەوان لە چینی باڵابون و مرۆڤ قوربانی پێشکەش دەکردن بۆ سوپاسگوزاریان، خواوەندەکان شەیدادەبون بە جوانی مرۆڤەکان، هاوسەرگیریان لەگەڵ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

ئافرەتی جوان دەکرد و منداڵیان لێدەبون، کە دڵنیاش دەبونەوە لە ڕەچەڵەکی خواوەندیان نازناوی ئەوانیان پێدراوە(علي، ١٩٧٤: ٥٠٤)، ڤیتیس (خواوەندێک بو لە خواوەندانی دەریا) و زیوس پێی سەرسام بو، بریمثیوس ئەوەی دەزانی، دوای هەزار ساڵ لە ئازار چەشتن، ڕونکردنەوەکانی پێشبینیکارەکان دەڵێن کە ڤیتیس کوڕێکی دەبێت بەهێزتر دەبێت لە باوکی، لە کاتێکدا کە زیوس بڕیاردەدات هاوسەرگیری بە ڤیتیس و بیلیوس بکات، کە هاوسەرگیرییەکە هاوشێوەی خواوەندان بوە و نیشانەی کۆتایی ململانێی هەزار ساڵەی نێوان زیوس و برمیثیوس بوە، خواوەندانی ئۆلۆمپی بانگهێشت کرابون لە ژنان و پیاوان جگە لە (ئریس خواوەندی ململانێ)، ئریس کە سەیریکرد دور خراوەتەوە لەو ئاهەنگە، بڕیاریدا ئاهەنگەکە تێکبدات ئەوەشی بە هەڵدانی سێوێکی زێڕ بۆ سەر سفرەکە کرد کە لێی نوسرابو بۆ جوانترین ئافرەت، ئەوەش بوە هۆی ململانێی نێوان هیرا هاوسەری زیوس و ئەسینای کچی و ئەفرۆدیتی کچی لە لە دیون، لەسەر جوانیەتی، و باریس هەڵبژێردرا بۆ یەکلایی کردنەوەی بانگەشەی ئەو سێ خواوەندە (هومیروس، ٢٠٢٠: ٣٠-٣٢).

باریس هەڵبژێردراوێکی گونجاو بو بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو باسە، چونکە خۆی زۆر جوان بو، جگە لەوەی باریس سەلماندبوی لە هەمویان وردترە بۆ دادوەری کردنی خواوەند لە سەدەمەکەی، خواوەندەکان سێ سویان بۆ پێشنیارکرد کە لەگەڵ شانشین و پێگەکەیان دەهاتەوە، هیرا پێشنیاری فەرمانڕەوایی هەندێک شوێنی بۆکرد، ئەسینا لە جەنگ بەخشی، ئەفرۆدێت پێشنیاری جوانترین ئافرەتی بۆ کرد، لێرەدا جوانی بەسەر هێزدا سەردەکەوێت، جوانترین ئافرەتیش هیلین بو جوانی خواوەندی ئافرێنەربو، لەبەر ئەوەی خۆی نیوە خواوەند بو، باوکی زیوس بو دایکی لیدا بو، هومیروس لە ئیلیادەدا ئاماژە بۆ جەنگە و ململانێی پاڵەوانەکان بەهۆی ئافرەتێکەوە دەکات(ماجواير، ٢٠١٧: ٢٤-٢٥)، هەروەها ئاماژە بە دابەشبونی خواوەندەکان دەدات بۆ دوبەرە یەکیان بەرەی یۆنانییەکانن ئەویتریان بۆ تەڕوادە، و بەشداریکردنی خواوەندەکان لە جەنگ و خۆشەویستی و فێڵ و پلاندانان (عياد، ١٩٨٠: ٧٧-٧٨)، کە خواوەند هیرا چوە پاڵ تەڕوادە بەهۆی ئەو کارەی باریس و تاڕوخان و لە ناوچونی لە پاڵ یۆنانییەکاندا بو، ئەسینا کە پەرستگای لە تەڕوادەش هەبو بەڵام چوە پاڵ یۆنان، ئەو خواوەندی جەنگ بو و شارەزابو لە پلانی سەربازی و زۆر کات دەیپاراستن لە جەنگ، هەروەها بوسیدون خواوەندی دەریا لە پاڵ یۆنانییەکان بو، بەڵام ئەفرۆدێت چوە پاڵ تەڕوادە لەبەرئەوەی باریس بە جوانترین خواوەند دیاریکردبو و دایکی ئینیاس ئەمیری تەڕوادە و یەکێک لە جەنگاوەرەکان بو، سەرەڕای ئەوەی خواوەندێکی خۆرهەڵاتی تایبەت بە جەنگ و خۆشەویستی بو، هەروەها ئەپولو کە خواوەندێکی ئەنادۆڵی بو لە پاڵ تەڕوادەدابو، هاوڕێی هیکتور بو ڕێز و باوەڕ لە نێوانیاندا بو، ئارتمس لە پاڵ تەڕوادەدابو، ئاريس کە تەنها بۆی گرنگ بو جەنگ بەردەوام بێت هەر جارە و لەبەرەیەکی جەنگ بو، زیوس لەم جەنگەدا بێلایەن بو، بەڵام بەهۆی دینداریان و پێشکەشکردنی قوربانیان بۆی زیاتر سۆزی بەلای تەڕوادەدابو، وتراویشە کە بە هۆی هیرای خێزانی و دابەشبونی منداڵەکانی هەڵوێستی ناوەندی وەرگرتوە تا ساڵی دەیەم کە والێکرد پاشەکشە بکات لە کوخەکەیدا چاوەڕێبکات (علي، ١٩٧٤: ٥١٢-٥١٤).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

هەروەها سەرکەوتنی یۆنانییەکان، کە لە بڕوای ئەواندا، بۆ هاوکاری خواوەندەکان دەگێڕدرێتەوە تایبەتمەندی ئایینی پێدراوە بە تایبەت کە دەوترێت، دیونسیوس بیرۆکەی دروستکردنی ئەسپی دارینیان پێدەدات، تا سەربازە یۆنانییەکان خۆیانی تێدا بشارنەوە تا دەچنە ناو شارەکە و، خواوەند ئەسینا ئەو ئەو دانایانە دەکوژێت کە هەوڵدەدەن تەڕوادەییەکان ئاگاداربکەنەوە لە دیاری یۆنانییەکان (الناصري، ١٩٧٦: ٨٦).

لە لایەنی میتولوجی لەوانەیە ونبونی هیلین لە زستاندا بە واتای وشەکەی، دەگونجێت لەگەڵ ڕفاندنی بەردەوام و هاوسەرگیری: ثیسیوس، مینلاوس و باریس و دیموبوس و ئەخیل، کە ڕۆژ دەردەکەوێت و وندەبێتەوە بە بەردەوامی ئەفسانە لەسەر ئەم ڕێڕەوە شێوەیەک لە شێوەکانی سەرەتای زانستی هۆکارییە. لەگەڵ ئەوەی ڕۆشتنی هیلین بۆ چونی جیاوازی لەسەرە بە گوێرەی ئەوەی لە سەرچاوەیەکدا هاتوە هەندێک دەڵێن چوە بۆ تەڕوادە، بە ڕای هەندێک چوە بۆ میسر و، هەندێکیش پێیان وایە لەگەڵ باریس ڕۆیشتوە و هەندێک دەڵێن لەگەڵ مینلاوس ڕۆیشتوە، بەڵام هەمویان کۆکن لەسەر ئەوەی ڕۆیشتوە: ونبون بەتایبەت ونبونی وەرزی: لەگەڵ دیارنەمانی خۆر – دیارنەمانی گەڵا – دیارنەمانی گوڵ) و گەڕانەوەی بۆ بارودۆخی یەکەم ئەوانە سیفەتی ئەفسانە، کە باریس لە چیای ئیدای پیرۆز وەک دەردەکەوێت مردوە و، دواتر لە دایک دەبێت وەک پاشای تەڕوادە، هاوشێوەی دیمیتر کچەکەی برسیفونی کە لە جیهانی خوارەوە ڕزگار دەکات..... ئەم ڕێکخستنەی دوانەیی وەرزەکان لە گەڵ ونبونی و دوبارە گەڕانەوەی (ماجوایر، ٢٠١٧: ٥٣).

چیرۆکی هیلین چیرۆکێکی نامۆنییە، و زۆر لە ئەفسانە و چیرۆکە نەتەوەییەکانی خۆرهەڵاتی کۆن و یۆناندا بونی هەیە و هەروەها چیرۆکی کێبەڕکێی نێوان ئافرەتان لە ئەفسانەکاندا زۆرە، ئەوەی نامۆیە لە چیرۆکی هیلین ئەوەیە کە ئەو بێهاوتانییە، ناوی هیلین بە واتای (المشرقة- درەوشانەوە یان بریقەدار) دێت و پێکبەستەیەک لە نێوان ئەو و خۆردا هەیە، یەکێک لە دیالێکتەکانی ئەنترۆپۆلۆجیا وایدادەنێت، کە هێلین لە سەرەتا خواوەندی ڕۆژ بوە، لەوانەیە مانەوەی کەم بوبێت لە میسر (زەوی خۆر)، ئەوە هەوڵدانێکە بۆ گێڕانەوەی تەنها ئەوە نا بۆ ڕۆژ وندەبێت و بۆ کوێ دەچێت، لێرەدا ئەوە زۆر گرنگ نییە، کە هیلین دەچێت بۆ میسر پێشتر یان لە جیاتی چونی بۆ جەنگی تەڕوادە، خاڵی گرنگ ئەوەیە ئەو لە میسرەوە دەگەڕێتەوە ئەسپارتە، چیرۆکی هیلین وەسفکردنی ڕاستی ئەو هێزەیە، کە شار لە ناو دەبات و شارستانیەت لە ناودەبات و کۆمەڵەکان پێی یەکدەگرن (ماجوایر، ٢٠١٧: ٥٤).

گرنگترین بابەت لە ئیلیادەدا توڕەبونی ئەخیلیس (عیاد، ١٩٨٠: ٧٩) و، بەگەڕانەوەی ئەخیل بۆ جەنگ، بەهۆی ئەوەوە زیوس ڕایگەیاند کە خواوەندان دەتوانن بەشداری جەنگ بکەن یان هەر لایەنە و چاودێری ئەو لایەنە بکات کە خۆی گەرەکیەتی، خواوەندانیش چاوەڕێی دەرفەتێکی ئاوا بون، هیرا و ئەسینا و پوسیدون و هرمس و هیفایستوس چونە پاڵ ئاخییەکان، ئەپولو و ئەفرۆدێت و ئایریس و لیتۆ و ئیکسانتۆس چونە پاڵ تەڕوادەییەکان (Homer, 2006: b.20).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

ماوەی جەنگ و ڕوخانی تەڕوادە لە ساڵی دەیەم لە گەمارۆی تەڕوادە- وەرگیراوە لە نەریتێکی ئەفسانەیی کە بەستراوەتەوە بە کۆمەڵەی ژمارە نۆ- کۆ – یەک، لە ئۆدیسەدا، ئۆدیسیوس بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ ماوەتەوە، پێش ئەوەی بگات بە وشکانی لە ڕۆژی دەیەم (Homer, 1946: vii, 244-273)، ئەفسانەی تیوبی کە لە ئیلیادەدا ئاماژەی پێکردوە کوڕەکانی (تیوبی المیتون) بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ لە خاک وخوێندا دامانەوە، بەڵام لە ڕۆژی دەیەم خواوەندی ئاسمان ئۆرانۆس خۆی ناشتونی (Homer, 2006, b.xxiv, 477)، لە ڕەچەڵەکی خواوەندان هسیود دەریدەخات کە کاتێک خواوەندی ئۆلۆمپی یەکێک لە نەمرەکانی سزادەدات، ماوەی نۆ ساڵ نەفی دەکرێت، لە ساڵی دەیەم دەگەڕێتەوە بۆ نەمرەکان جارێکی تر (Hseiod, 2018: p20)، لەوانەیە تەڕوادە ناخۆشی زۆری دیتبێت، بەڵام گەمارۆ دانەکەی لە دە ساڵ درێژتر نەبو (ماجوایر، ٢٠١٧: ٥١-٥٢).

یۆنانییەکان (ئاگاممنون و مینلاوس) بۆ ئەوەی یۆنانییەکان بە هانایانەوەبێن، مەسەلەی هیلینیان زەق کردۆتەوە و، بۆ ئەوەی شەڕەکە وەک ئەرکێکی ئایینی پیرۆز سەیربکەن، بە شێوەی ئەفسانەیی ڕاڤەیانکردوە و خواوەندەکانیان هێناوەتە ناو، لە پێناو جوڵاندنی سۆزی خەڵک، کە مرۆڤەکان بەردەوام پێویستیان بە وشەی سۆزداری هەیە، بۆ ئەوەی خۆیان بە کوشت بدەن، کە هۆکاری سەرەکی جەنگی تەڕوادە دەستگرتن بو بەسەر دەربەندەکان و سەیتەرەکردن بو بەسەر ڕێگاکان بۆ گەیشتن بە پیدەشتە بە پیتەکانی دەریای ڕەش، هەمویان درکیان بە گرنگی ئەو ململانێیانە کردبو، لەبەرئەوە کەس دوانەکەوت لە خەڵکی یۆنان بۆ یارمەتیدانی ئاگاممنون، هەروەک خەڵکی ئاسیا بە خێرایی بە هانای تەڕوادەوە چون (العیاد، ١٩٨٠: ٨١٠٨٢).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

## ئەنجامەکان:

1. ئایین لە هەمو سەردەمە جیاوازەکاندا ڕۆڵی کارا و گرنگی لە دروستبونی ئەو پەیوەندیانەدا هەبوە.
2. هەریەک لە ئاسیای بچوک و یۆنانییەکان بە هزر و بیری ئایینی یەکتر کاریگەربون، ئەوەش وایکردوە بە دێژایی مێژو پەیوەندی ئاشتی پتەو لە نێوانیاندا هەبوە، ئەوەش لە وەرگرتنی خواوەندی یەکتر و شێوازی دروستکردنی پەیکەر و پەرستگاکانیان دەردەکەوێت.
3. داگیرگەکان ناوەندی گرنگی ئاڵوگۆڕی شارستانییەکان بون، بەپرس و ڕێگەپێدانی خواوەند دروستکراون، هەر ئەوەش وایکردوە خەڵکی ناوچەکانی خۆیان بەجێبهێڵن و لەو شارانەدا بە ئاشتی بژیەن.
4. خەڵکی لە پشت بەستن بە خواوەندەکانیان دەیانتوانی بچنە ناو دەریاکان، ئەوەش ئاڵوگۆڕی بازرگانی کاراتر کردوە و، بوەتە هۆی بڵاوبونەوەی بیری فرە خواوەندی و بیروباوەڕی ئایینی ئەو ناوچانە.
5. بەهۆی ئەوە پاشا یەک لە دوای یەکەکانی لیدیا ڕێزی تایبەتیان لە خواوەندە یۆنانییەکان دەنا، بە دێژایی مێژو پەیوەندی ئاشتیانەی پتەو لەنێوان ئەوان و یۆنانییەکاندا هەبوە.
6. ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ و یارییەوەرزشییەکان تایبەت بون بە خواوەندێک یان پێدا هەڵدانی پاڵەوانەکان، ناوەندی گرنگی ئاڵوگۆڕی بیروڕاو و دروستبونی پەیوەندی ئاشتیانە بون.
7. لە دەستدانی باوەڕ بە خواوەندە ناوخۆییەکان هۆکارێکی تری پەنابردنی خەڵک بوە بۆ لە یۆنان بۆ ئاسیای بچوک لە پێناو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەرونییە.
8. سەرکردە و پاشاکان خۆیان وەک خواوەند یان نیمچە خواوەند پیشان دەدا بۆئەوەی ڕەوایەتی بە کارەکانیان بدەن و بتوانن بە ئاشتی لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانەدا بژیەن.
9. پاشا نوێنەری خواوەند بو لەسەر زەوی و بڕیاری ئەو فەرمانی خواوەند بوە، لەبەرئەوە خەڵکی بە بێ دودڵی شوێنی کەوتون، جا ئەو بڕیارە بۆ ئاشتی بوبێت یان بۆ جەنگ، بۆیەش بەتایبەت لە جەنگی تەڕوادە خواوەندەکانیان هێناونە ناو.

١٠. لەگەڵ ئەوەی ئایین ڕۆڵی لە پەیوەندی ئاشتیدا هەبوە ڕۆڵی لە پەیوەندی نا ئاشتیشدا هەبوە، جیهانی خواوەندان لە زۆر لە سیفەتەکانیان لە مرۆڤەکان دەچون، لەبونی ململانێ و شەڕ و فێڵ، کە لە جەنگی تەڕوادەدا خواوەندەکان دابەش بون بەشێکیان لەلای تەڕوادەبون و بەشێکیشیان لەلای یۆنانییەکان بون.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

# The Role of Religion in Peaceful Relations and the Trojan War Between Ancient Greece and Asia Minor

**Muhammadamin Ali Abdullah[1] - Snwr Ahmed Hassan[2]**
[1+2] Department of History, College of Humanites, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The study is entitled "The role of religion in peaceful relations and the Trojan War between ancient Greece and Asia Minor" highlights the peaceful relations between Greece and Asia Minor from ancient times until the arrival of Alexander the Great, their un peaceful relations in the Battle of Trojan, the role and influence of religion in the formation of these relations the similarity of the gods and create colony and trading, Participating in the party and festivals, and The Battle of Trojan is also cited as an example of their non-peaceful relationship.

The study consists of an introduction and summary in both Kurdish and English, conclusions, list of sources and three discussions. The first topic is a historical brief about ancient Greece and Asia Minor and an introduction to religion, The second topic deals with the role of religion in the peaceful relations between ancient Greece and Asia Minor, The third topic account for the role of religion in the War of Trojan. This is in addition to presenting the findings of the study.

**Keywords**: Religion, Relationship, God, Conquests, Festival, War.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6**

## سەرچاوەکان:


الأثرم، رجب عبدالحميد، (٢٠٠١)، دراسات في تاريخ الأغريق و علاقته بالوطن العربي، بنغازي، ط٢، دارالكتب الوطنية.

أحمد، سامي سعيد و الهاشمي، رضا جواد، (د.ت.)، تاريخ الشرق الأدنى القديم (ايران و الاناضول)، مكتبة المهتدين.

أرنولد توينبي، (١٩٨٨)، تاريخ البشرية، ج١، بيروت، ط٣، الأهلية للنشر و توزيع، ترجمة: نقولا زيادة.

أ. ت. أولمستد، (٢٠١٢)، الإمبراطورية الأخمينية عبر التاريخ، لبنان، نشر دار العربية للموسوعات، مج٢، ترجمة: مجموعة مترجمين.

باندر، جفرى، (١٩٩٣) ، المعتقداة الدينية لدى الشعوب، ترجمة: إمام عبدالفتاح إمام، مراجعة: عبدالغفار المكاوي، دار المعرفة، كويت.

بكر، محمد إبراهيم، (٢٠٠٢)، قراءات في حضارة الإغريق القديمة، قاهيرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

بخوش، سميرة، (٢٠١٨-٢٠١٩)، فكرة نشر الدين في العالم بين المعتقد و السياسة (دراسة مقارنة بين نماذج من الدول القديمة و الوسيطة)، رسالة ماجستر، جزائير، جامعة محمد بوضياف المسيلة.

ج.ليتمان، روبرت، (٢٠٠٠)، التجروبة الإغريقية (حركة الاستعمار و الصراع الإجتماعي ٨٠٠-٤٠٠پ.ز)، ترجمة و تقديم: منيرة كروان، مجلس الأعلى للثقافة..

حسين، إيمان لفته، (٢٠١٤)، مملكة ليديا ( ٦٨٧ . ٥٤٦ ق.م تاريخها وحضارتها)، مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية، المجلد: ٤، العدد: ٣، جامعة البابل.

زيدان، جرجي، (٢٠١٢)، خلاصة تاريخ اليونان والرومان، قاهرة، مؤسسة هنداوي.

سليم، أحمد أمين، (٢٠٠٠)، دراسات في تاريخ و حضارة الشرق الأدنى القديم (تاريخ العراق-إيران-آسيا الصغرى)، بيروت، دار المعريفة الجاميعة.

الشيخ، حسين (١٩٨٧)، دراسات في تاريخ حضارة اليونان، الإسكندرية، دار المعرفة الجامعة.

الشيخ حسين، (٢٠٠٦) ، دراسات فى تاريخ الحضارات القديمه ٥ (اليونان و الرومان)، الأسكندرية، دارالمعريفة الجامعة.

الصالحي، صالح رشيد، (٢٠١١)، المملكة الحثية (دراسة في التاريخ السياسي لبالد الأناظول)، ط٢، بغداد، داراكتب والوثائقية.

عبدوڵڵا، محمد ئەمین عەلی، (٢٠١٠)، شەڕی گۆگامێلا(ئەربیلا)٣٣١پ.ز، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

عبو، عادل نجم و آخرون، (١٩٩٣)، دراسة في التاريخ و الحضارة ( اليونان و الرومان)، بغداد، دار الكتب.

علي، عبداللطيف أحمد، (١٩٧١)، التاريخ اليونان، (العصر الهلادي)، ج١-٢، بيروت، دار النهضة العربية.

العجيبة، أحمد علي، (٢٠٠٤)، دراسات في الأديان الوثنية القديمة، قاهرة، دار الآفاق العربية.

علی، محمد امين و رضا، حلمی رسول، (٢٠١٩)، نمونە گەلێکی پەرستراوەکان لە ڕوای ئایینی عێراقیە دێرینەکان و هاوتاکانیان لە جیهانی دەوروبەر، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، بەرگی ٦، ژمارە:٢.

عياد، محمد كامل، (١٩٨٠)، تاريخ اليونان، ج١، دمشق، ط٣، دار الفكر.

فردريک کوبلستون، (٢٠٠٢)، تاريخ الفلسفة (اليونان و الرومان)، قاهرة، ، ج١، حقوق النشر و الترجمة محفوضة للمجلس الأعلى للثقافة، ترجمة: إمام عبدالفتاح إمان.

ماجواير، لوري، (٢٠١٧)، هيلين طروادة (من هومريوس إلى هوليود)، المملكة المتحدة، الهنداوي، ترجمة: محمد حامد درويش.

مكاوى، فوزى، (د.ت.)، الشرق الأدنى في العصرين الهلينستى و الروماني، قاهرة، مكتبة المصرية للتوزيع.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6

مها محمد السيد، الآلهة و الأساطير اليونانية، مكتبة المهتدين، جامعة طنطا، (د.ت.).

مصطفى، ممدوح درويش و سايح، ابراهيم، (١٩٩٨-١٩٩٩)، مقدمة في تاريخ الحضارة الرومانية و اليونانية (تاريخ يونان)، الإسكندرية، مكتبة الجامعي الحديث.

مطر، أميرة حلمي، (١٩٩٨)، الفلسفة اليونانية تاريخها و مشكيلاتها، قاهرة، دار القباء للطباعة و النشر.

موراد، نبيل، (٢٠٠٦)، تاريخ الشرق الأدنى القديم (شبه الجزيرة العربية-ايران- أسيا الصغرى)، قاهرة، عين الشمس.

الموسوعة العربية(موسوؤة الآثار في ولاتى شام) منطقة اسيا الصغرى arab-ency.com.sy

الناصري، أحمد علي، (١٩٧٦)، الإغريق تاريخهم وحضارتهم (في حضارة كريت حتى قيام امبراطورية الاسكندر الأكبر)، القاهرة ط٢، دار النهضة العربية.

نجوى، راشي، (٢٠١٨)، نظام الدولة المدينة و تطوره من سومر إلى بلاد الإغريق، رسالة دكتوراه، جامعة أبو قاسم سعد الله، جزائر.

نصار، عصمت، (٢٠٠٥)، نظرات في مقارنة الأديان، قاهرة، دار الهداية.

و.و. تارن، (٢٠١٥)، الحضارة الهللينستية، قاهرة، ترجمة: عبد العزيز توفيق جاويد.

الهذال، حصة تركي، (٢٠١٦)، المؤثرات الحضارية الفينيقية في الحضارة اليونانية، دراسات في علوم الإنسانية و الاجتماعية، رياض، المجلد: ٤٣، ملحق ٣.

هوميروس، (٢٠٢٠)، ئيلياده، سلێمانی، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف.

يحيى، لطفي عبد الوهاب (١٩٩١)، مقدمة في التاريخ الحضاري (اليونان)، الإسكندرية، دار المعرفة الجامعية.

يوريبيديس، (د.ت.)، الكستيس، ترجمة: اسامه سليمان.

Hesiod, (2018), The Theogony of Hesiod, Global Grey ebooks, T. Hugh G. Evelyn-White.

Homer, (2006), The Iliad of Homer, (Ebook 6130, )T. Alexander Pope.

Homer, (1946), The odysser, London, The Loeb Classical Library, T. A. T. Mutray

Nilsson, Martin P., (1925), A History of Greek Religion, England, oxford university press, T. F.J. Fielden.

Macqueen, J, G, (2010), The Hittites and their contemporaries in Asia Minor, New York, Boston Public Library.

Thucydides, (2009), The Peloponnesian War, New York, Oxford University Press, T. Martin Hammond.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6**

## پەراوێزەکان:

---

(i) دەوڵەتە شار: هەر شارە خاوەنی کیانێکی سەبەخۆی سیاسی بو و تەواوی تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی تێدابو و ناوەندەکەی شارێک بوە و، لە گرنگترین دەوڵەتە شارەکانیش دەوڵەتە شاری ئەسینا و لطفي عبدالوهاب يحيى، اليونان، المصدر السابق، ص٩١.

(ii) ئەم بیروباوەڕە شاعیری تراقی (ئورفیوس Orpheus) دایناوە ئەم بیروباوەڕە لە سەدەی (٦پ.ز) بڵاوبۆتەوە و لە ئەفسانەیەکی کریتی وەرگیراوە، بە پێی ئەم بنەمایە مرۆڤ لە دو ڕەگەز پێک دێت: ڕوح و جەستە کە گۆڕی ڕوحە، کاتێک مرۆڤ دەمرێت ڕوح لەم قەبرە دێتە دەرەوە جەستە تەنها (suma) دەمێنێتەوە. (السيد، د.ت: ٧-٩)

(iii) دیونیزیوس کوڕی خواوەند زیوس، خواوەندی داچاندن و بە پیتییە، لە ئاسیاوە هاتۆتە یۆنان لە سەدەی (١٠پ.ز تا سەدەی ٧پ.ز) لە تەواوی یۆنان بڵاوبۆتەوە، شێوەیەکی کە دەگەڕێتەوە بۆ دوای مردن خواوەندێکە دڵسۆزی مردوەکانە و هەوڵی ڕزگاربونیان دەدات لەوێ، کە مردنەکەی مردنی ڕوەک و بەپیتییە لە سروشتدا و، گەڕانەوەی واتای بەپیتی و بەهار دێت، جەژنەکانی دیونیزیوس لە ئەسینا سازدەکران لەگەڵ شارەکانی تری یۆنان، لەوانە جەژنی (الأنثيستاريا Anthesteria)، کە بۆ سێ ڕۆژ سازدەکرا، بەم جۆرە دیونسیوس خواوەندی چاودێری ژیان و مردن بو پێکەوە، خواوەندی خۆشی و شادی و جیهانی مردوان و چاککەرەوەی مرۆڤ بوە. لە بیروباوەڕی یۆنانیەکاندا، (باندر، ١٩٩٣: ٤٧)

(iv) ڕەواقی: پرۆگرامێکی فەلسەفییە لە لایەن زینون فینیقییەوە دانراوە لەدوای سەدەی (٣پ.ز) لە یۆنان زۆر بڵاوبۆتەوە کە گرنگیان بە سروشت و مەنتیق و ڕەوشت دەدا. أميرة حلمي مطر، الفلسفة اليونانية تاريخها و مشكيلاتها، دار القباء للطباعة و النشر، (قاهرة: ١٩٩٨)، ص٣٦٩-٣٨٠.

(v) ئەبیقون: ڕێبازێکی فەلسەفیە لەلایەن أبيقور دانراوە لە ٣٤٢پ.ز، کە ئەم پرۆگرامە چارەسەری پێوانە یان یاسای زانیین پێوەری ڕاستی دەکات، پێوانەی سەرەکیش هەستپێکردنە کە لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە درکی پێدەکەین. فردريک كوبلستون، تاريخ الفلسفة (اليونان و الرومان)، ترجمة: إمام عبدالفتاح إمان، ج١، حقوق النشر و الترجمة محفوضة للمجلس الأعلى للثقافة، (قاهرة: ٢٠٠٢)، ص٥٣٥-٥٣٧.

(vi)ئوریستیس: باس لە کەسایەتی ئەفسانەی یۆنانی (الكسيتس)ی دەکات، کە لە بەرامبەر خزمەتەکانی adamtus، ئەپۆلۆ یارمەتی دەدات بە مەرجێک هاوسەرگیری لەگەڵ alexis. يوريبيديس، الكستيس، ترجمة: اسامه سليمان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper6